**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:24**
**رۆژی دەرهێنان: 2004/2/7**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(40)ی رۆژی (2004/2/5) یدا بەئەنجامی گەیاندووەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(24)ی ساڵی/2004**
**یاسای دەوام پێدانی بەرکارخستنی یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە(188)ی هەموارکراوی ساڵی (1959) لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا**

**ماددەی یەکەم:**

بەرکارخستنی یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە (188)ی هەموارکراوی ساڵی (1959)، لە هەرێمی کوردستانی- عیراقدا لەکاردا دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

لە بارێکدا ئەگەر بڕیاری ژمارە (137)ی رۆژی (2003/12/29)ی ئەنجومەنی حوکم بخرێتە بەرکار یان هەر بڕیارێ یان هەر یاسایێ بخرێتە بەرکار کە بە راشکاوی یان بە چمنی ئیلغای ئەو یاسایە بکات کە لە ماددەی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە، ئەوە، لەو بارەدا ئەو یاسایەی لە ماددەی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە دەبێتە یاسایەکی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی-عیراق ولایەنە پێوەندیدارەکانیش ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**

**هۆکارە پێویستەکان**

لەبەر ئەوەی کە یاسای ئەحواڵی شەخصیی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 بە دەسکەوتێکی گرنگی گەلی عیراق دادەنرێ و، هاوگونجانێکی تەواوی لەنێوان حوکمە شەرعیەکان و یاسا وەزعیەکان و بیروڕای زیاتر گونجاوو پتر لەباری فوقەهادا سازاندووەو، لەگەڵ هەست و رۆحی سەردەمدا لەبارەو، لە رێگای یەکخستنی چاوگەکانی دادوەرییەوە، سەقامگیریی بۆ ژیانی خێزان و مافەکانی تاکە تاکەی خەڵك دابین کردووەو،

یاساکارییەکی یەکگرتووی لە حوکمەکانی ئەحواڵی شەخصیدا داهێناوە کە بنیادێکی شایستەی بۆ سەقامگیریی بارودۆخی خێزان بە جۆرێ دامەزراندووە کە مافە شەرعیەکانی ئافرەتی واتا (نیوەی کۆمەڵگە)و، منداڵانیش کە هەر هەموویان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەن و بەردی بناغەی کۆمەڵگەن، زامن کردووە، بۆ ئەوەی دادو عەدالەت و هاوسەنگی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بێتە دەست.

لەبەر ئەوەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، یاسای ئەحواڵی شەخصیی بە پێزترو دەوڵەمەندتر کردووەو، یاساکاریی بەرەو چاکتر بردنی تایبەت بە کوردستانی عیراقیشی بۆ زیاد کردووەو، بووەتە مایەی رەزامەندیی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەگەر بێت و ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی حوکم بخرێتە بەرکار، ئەوە، لەو بارەدا ئەو ئەحکامە زیادکراوانەمان پووچەڵ دەبێتەوەو، هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەمان دەگێڕێتە دواوەو، ئەمەش نە رەزامەندیی گشتیی لەگەڵ بووەو نە لەگەڵیشی دەبێ. لە بارێکدا ئەگەر بڕیاری ژمارە (137)ی رۆژی 2003/12/29 بخرێتە بەرکار، ئەوە دەبێتە هۆی چەند لایەنەکی و پرشوبڵاویی چاوگەی حوکمەکان و بە فیڕۆدانی سامانی بە نرخ و گەورەی حوکمەکانی دادوەری و ئەو سەوابقە دادوەرییە شەرعییانەش کە زەخیرەیەکی بە نرخن و ساڵەهای ساڵە کەڵەکە بوون و پارێزراون. جا، لەبەر ئەو هۆکارە زەروورانە ئەم یاسایە یاساکاری کرا.